# فەلسەفە وەك چەكێكی شۆڕشگێڕانە



هەشت پرسیار لە "لویی ئاڵتۆسێر"

وەرگێڕانی:

زەردەشت نورەدین، وەلید عومەر

**ئاڵتۆسێر** ساڵی ١٩١٨ لە نزیکی ئەلجەزیرە لەدایکبووە. ساڵی ١٩٤٠ دەبێتە دیلی جەنگ و پاش ئازادبوونی، لە ئیکۆڵنۆرماڵ تێزی دکتۆراکەی دەربارەی فەلسەفەی هیگڵ دەنوسێت و ساڵی ١٩٤٨ دەبێتە مامۆستای فەلسەفە. هەر لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست. دوای ١٩٦٠ دەستدەکات بە توێژینەوەکانی لەمەڕ مارکسیزم. لە بەرهەمەکانی: ١)بۆ مارکس ٢)لینین و فەلسەفە ٣)خوێندنەوەی سەرمایە ٤) ئایدۆلۆژیا و دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت. ئاڵتۆسێر بەدرێژایی ژیانی بەدەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەناڵێنێت. خۆی لە ساڵی ١٩٧٦دا دەڵێت: ڕەنگە ١٥ ساڵی ڕابردووم لە نەخۆشخانەدا بردبێتە سەر. لە مانگی ١١ـی ١٩٨٠ دوای خەمۆکییەکی قووڵ و درێژ، هاوسەرەکەی خۆی دەخنکێنێت کە ناوی ڕێتمانە و کۆمەڵناسە و ئەندامی پێشووی "بزووتنەوەی بەرەنگاری"ـە. دواتر دەرکەوت کە ئاڵتۆسێر ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، بۆیە لەبەر دۆخی دەروونی لێی خۆش دەبن. دە ساڵی کۆتایی خۆی لە نەخۆشخانەدا دەگوزەرێنێت و دەست لەنوسین هەڵناگرێت. ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی دەکات.

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

**پرسیاری یەکەم:** ١- دەکرێت کەمێک لە مێژووی شەخسیی خۆتمان بۆ باس بکەیت؟ چۆن هاتیتە ناو فەلسەفەی مارکسییەوە؟

ئاڵتۆسێر: لە ساڵی ١٩٤٨ بووم بە مامۆستای فەلسەفە و پەیوەندییم کرد بە حیزبی کۆمۆنیستی فەڕەنساوە. فەلسەفە هیوایەتم بوو و حەزمدەکرد بیکەمە پیشەی خۆم. تامەزرۆی سیاسەت بووم و هەوڵمدا ببم بە خەباتگێڕی کۆمۆنیست. ماتریالیزم و ڕۆڵوکارکردە ڕەخنەییەکەی لە فەلسەفەدا سەرنجی منی بە لای خۆیدا ڕاکێشا بۆ مەعریفەی زانستی لە دژی هەموو بەعیرفانیکردن و تەمومژاویکردنێکی مەعریفەی

ئایدۆلۆژی. ئەویش لە دژی کەموکورتیی ئەخلاقیی ئوستورەکان و ناڕاستییەکان بەئاراستەی ڕەخنەکردنی عەقلانی و وردیاندا. ئەوەی لە سیاسەتدا سەرنجی منی ڕادەکێشا بریتیبوو لە غەریزە، زیرەکی، ئازایەتی و قارەمانێتیی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار لە ململانێی چینایەتیدا بۆ [بنیاتنانی] سۆسیالیزم. جەنگ و ساڵانی دووروردرێژی زیندان ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم پەیوەندی لەگەڵ کرێکاران و جووتیاراندا دروستبکەم، و بە خەباتگێڕە کۆمۆنیستەکانی ئاشناکردم. ئەوە سیاسەت بوو بڕیاری لەسەر هەموو شت دا، سیاسەت بەگشتی نا، بەڵکو سیاسەتی لینینیزم-مارکسیزم. سەرەتا پێویست بوو ئەو سیاسەتە بدۆزمەوە و بەباشی لێی تێبگەم. ئەم کارە هەمیشە بۆ ڕۆشنبیر زۆر سەختە. [ئەم کارە] لە پەنجاکان و شەستەکانیشدا، لەبەر چەند هۆیەك کە خۆیشتان دەیزانن سەخت بوو؛ [وەک] دەرەنجامەکانی "پیرۆزکردنی تاکەکەس"[١]، کۆنگرەی بیستەم[ـی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت] و پاشان قەیرانی نێودەوڵەتیی بزووتنەوەی کۆمۆنیست. سەرەڕای ئەمانە، شتێکی هەروا سادە و ئاسان نەبوو کە لەبەرامبەر بڵاوبوونەوەی ئایدۆلۆژیای هیومانیزمی هاوچەرخ و هێرشەکانی تری ئایدۆلۆژیا بۆرژوازیەکانی تردا بۆ سەر مارکسیزم، بەرخۆدان و بەرهەڵستیت بکردایە.

کاتێک کە لە سیاسەتی لینینی-مارکسی باشتر تێگەشتم، ئیدی فەلسەفە زیاتر سەرنجی ڕاکێشام و سەرەنجام توانیم لە تێزە گەورەکەی مارکس و لینین و گرامشی تێبگەم: ئەو تێزەی کە دەڵێت «فەلسەفە هەر لەبنچینەوە **سیاسییە**». ئەوەی لەسەرەتادا بەتەنیا و پاشان بە هاوکاریی دۆستان و هاوڕێیانی گەنجترم نوسیم، سەرەڕای پەتیبوون و ئەبستراکتبوونی وتارەکانمان، کەچی بەدەوری پرسە کۆنکرێتیەکاندا دەسوڕێتەوە.

---

[١]. cult

**پرسیاری دووەم**: دەکرێت تۆزێك وردتر ئەوە ڕوونبکەیتەوە کە بۆچی بەگشتی کۆمۆنیستبوون لە فەلسەفەدا هێندە سەختە؟

ئاڵتۆسێر: کۆمۆنیستبوون لە فەلسەفەدا بریتییە لە بوون بە لایەنگر و بەکارهێنانی فەلسەفەی مارکسی-لینینی: ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی. ئاسان نیە بوون بە فەیلەسوفی مارکسی-لینینی. مامۆستای فەلسەفە وەک هەر ڕۆشنبیرێکی تر، وردەبۆرژوایە. کاتێک مامۆستای فەلسەفە دەمدەکاتەوە ئەوە بزانە ئایدۆلۆژیای وردەبۆرژوازییە[لە گەرووی مامۆستاکەوە] قسەدەکات. فێڵ و تەڵەکە و سەرچاوەکانی بێکۆتاییە. تۆ دەزانیت لینین چی لەبارەی ڕۆشنبیرانەوە دەڵێت! ڕۆشنبیران لەئاستی شەخسیدا تاکەتاکەیان تیایە کە دەشێت شۆڕشگێر و جوامێر بن(لەڕووی سیاسییەوە)، بەڵام کوتلە و کۆمەڵی ڕۆشنبیران لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە بەشێوەیەکی بێچارەسەر و ڕاستنەبووەوە وەك وردەبۆرژوا دەمێننەوە. خودی "ماکسیم گۆرکی" کە گەرچی لینین ستایشی زیرەکییەکەی دەکرد، بەڵام پێشیدەوت شۆڕشگێڕی وردەبۆرژوا. بۆ بوونبە "ئایدۆلۆژیستی چینی کرێکار" (بەمانا لینینیەکەی) یان "ڕۆشنبیری ئەندامیی پرۆلیتاریا" (بەمانا گرامشییەکەی)، ئەوا دەبێت شۆڕشێکی ڕادیکاڵ لە ئایدیا و بۆچوونەکانی خۆیاندا بکەن. دووبارە پەروەردەکردنەوەیەکی دووروودرێژ، قورس و ئازاراوی. ململانێیەکی نەبڕاوەی ناوەکی و دەرەکی. پرۆلیتارەکان خۆیان هەڵگری "غەریزەی چینایەتین" کە پەڕینەوە بۆ پێگە چینایەتیەکان ئاساندەکات، بەپێچەوانەوە ڕۆشنبیرەکان هەڵگری غەریزەی چینایەتیی وردەبۆرژوان کە بەتوندی لەبەرامبەر ئەم پەڕینەوەیەدا بەرهەڵستیدەکەن. پێگەی چینایەتیی پرۆلیتاریا لە "غەریزەی ڕووتی چینایەتی"ـی پرۆلیتاریا زیاترە و تێدەپەڕێت. ئەم هەڵوێستە چینایەتییە بریتییە لە پراکسیس و هۆشیاری کە لەگەڵ واقیعی بابەتیی ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریادا یەکدەگرێتەوە.

غەریزەی چینایەتی، شتێکی زاتی و خۆڕسکە. پێگەی چینایەتی، شتێکی بابەتی و عەقڵانییە. پێگەی چینایەتیی پرۆلیتاریا بۆ پەڕینەوە بەرەو غەریزەی چینایەتیی پرۆلیتاریا تەنیا پێویستی بە پەروەردەکردنە. لە بەرامبەردا، غەریزەی چینایەتیی وردەبۆرژواکان کە هاوکات غەریزەی چینایەتیی ڕۆشنبیرانیشە، دەبێت شۆڕشی بەسەردا بکرێت. لە دوا هەنگاودا، ئەم پەروەردەکردنە و ئەم شۆڕشە، لەلایەن ڕێبەرایەتیی ململانێی چینی پرۆلیتاریاوە لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی تیۆری مارکسی-لینینی دەستنیشاندەکرێت. وەکچۆن "مانیفێست"یش دەڵێت، ئەم تیۆرە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ پەڕینەوەی هەندێك لە ڕۆشنبیرەکان بەرەو پێگەی چینی کرێکار. تیۆری مارکسی-لینینی لە زانستێک (ماتریاڵیزمی مێژوویی) و فەلسەفەیەک(ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی) پێکدێت. کەواتە فەلسەفەی مارکسیزم یەکێکە لە دوو چەکە تیۆرییە زەرورییەکە بۆ ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریا. پێویستە خەباتگێڕانی کۆمۆنیست بنەما تیۆرییەکانی(زانست و فەلسەفە) فێر بن و بەکاریبهێنن. هەروەها شۆڕشی پرۆلیتاریا پێویستی بە خەباتگێڕانی زانا (ماتریاڵیزمی مێژوویی) و فەیلەسوف (ماتریاڵیزمی دیالەکتیک)ـە بۆ بەرگریکردن لە تیۆر و پەرەسەندنی تیۆری.

ڕێکخستن و پەروەردەکردنی ئەم فەیلەسوفانە دوو کێشەی گەورەی لەبەردەمدایە:

- کێشەی یەکەم: سیاسییە. فەیلەسوفێکی پیشەیی کە لە حیزبدا خۆی ناونووس دەکات، لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە بە وردەبۆرژوایی دەمێنێتەوە. بۆ ئەوەی بتوانێت پێگەوپایەی چینایەتیی پرۆلیتاریا لە فەلسەفەدا وەربگرێت ئەوا دەبێت شۆڕشێک لە بیرکردنەوەی خۆیدا دروستبکات. ئەم کێشە سیاسییە لە دواهەنگاودا هێجگار گرنگ و یەکلاکەرەوەیە. ٢- کێشەی دووەم: تیۆرییە. دەزانین بە چ ئاراستەیەکدا و بە چ پرەنسیپێک کاربکەین تا پێگەی چینایەتی لە فەلسەفەدا پێناسەبکەین. بەڵام دەبێت گەشە بە فەلسەفەی مارکسی بدەین؛ لەڕووی تیۆری

و سیاسییەوە ئەمە کارێکی زەرووری و خێرا و دەمودەستە، کەواتە ئەم ئیشە ئیشێکی بەرفراوان و سەختە. لەبەر ئەوەی لە تیۆری مارکسیدا فەلسەفە لەدوای زانستەوە دێت. ئێستا ئەمە لە وڵاتانی ئێمەدا [فەڕەنسا و ئیتالیا و...] کێشەیەکی زەق و زاڵە.

**پرسیاری سێیەم:** کەواتە تۆ لە تیۆری مارکسیدا جیاکاری لەنێوان زانست و فەلسەفەدا دەکەیت؟ وەک خۆیشت دەزانیت، ئەمڕۆ زۆرجار دراوەتە بەر گلەیی و سکاڵا [و بەرپەرچدانەوە].

ئاڵتۆسێر: دەزانم. بەڵام ئەم "تانە و سکاڵا"یە حەکایەتێکی کۆنە! زۆر بەکورتی دەتوانین بڵێین کە لە مێژووی بزووتنەوەی مارکسیدا هەڵوەشاندنەوەی ئەم جیاکاری و جیاوازییە دەرخەری لادانێکی ڕاستگەرایانە یان چەپگەرایانەیە. لادانی ڕاستگەرایانە فەلسەفە پشتگوێدەخات و تەنیا زانست دەمێنێتەوە (پوزەتیڤیزم)، و لادانی چەپگەرایانەش زانست پشتگوێدەخات و تەنیا فەلسەفە دەمێنێتەوە(سوبێکتیڤیزم یان خودگەرایی). هەندێ ئاوارتە(ئیستیثنا) هەیە (حاڵەتی ئاوەژووبوونەوە)، بەڵام ئەوانەش "پشتڕاستکەرەوە و سەلمێنەر"ـی ڕێساکەن. سەرکردە گەورەکانی بزووتنەوەی مارکسی لە مارکس و ئەنگڵسەوە تا سەردەمی ئێمە بەردەوام باسیان لەوە کردووە کە ئەم لادانانە دەرەنجامی کاریگەری و زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای بۆرژوایین بەسەر مارکسیزمدا. ئەوان هەمیشە بەرگرییان لەو جیاکارییەی نێوان زانست و فەلسەفە کردووە. تەنیا لەبەر هۆکارە تیۆرییەکان نیە بەڵکو لەبەر هۆکارە حەیاتییە سیاسییەکانیشە. بیر

لە لینین بکەرەوە لە کتێبی "ماتریاڵیزم و ڕەخنەگەرایی ئەزموونی" و "نەخۆشیی منداڵی"دا. هۆکار و بیانووەکانی، بەرچاو و بەڵگەنەویستن.

**پرسیاری چوارەم:** چۆن پاساو بۆ ئەم جیاکاری و جیاوازییە دێنیتەوە لەنێوان زانست و فەلسەفە لە تیۆری مارکسیدا؟

ئاڵتۆسێر: بە هێنانەوەی چەند تێزێکی کورت و کاتی، وەڵامت دەدەمەوە.

١. پەیوەندی و تێهەڵکێشبوونی تیۆری مارکسی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاریدا، گەورەترین ڕووداوی تێکڕای مێژووی ململانێی چینایەتییە، واتە بەفیعلی کۆی مێژووی مرۆڤایەتی(یەکەم دەرەنجام: شۆڕشی سۆسیالیستی).
٢. تیۆرییە مارکسییەکە(زانست و فەلسەفە)دەرخەری شۆڕشێکی بێوێنە و بێپێشینەیە لە مێژووی مەعریفەی مرۆییدا.
٣. مارکس زانستێکی نوێی بنیاتناوە: من ئەمە بەشێوازێکی وێنەیی و میتافۆرئامێز بەکاردێنم. ئەو زانستانەی دەیانناسین، لەسەر ژمارەیەك "قارە"ی گەورە جێگیرن و جێکەوتوون. بەر لە مارکس، لەبەرامبەر مەعریفەی زانستیدا دوو قارە کرابووەوە: قارەی بیرکاری و قارەی فیزیا. یەکەمیان لەلایەن یۆنانییەکانەوە(تالیس) و دووەمیشیان لەلایەن گالیلۆوە. مارکس لەبەرامبەر مەعریفەی زانستیدا، قارەی سێیەمی کردەوە: قارەی مێژوو.
٤. کردنەوەی ئەم قارە نوێیە، شۆڕشێکی لە فەلسەفەدا بەرپا کردووە. ئەمە یاسایەکە: فەلسەفە بەردەوام پەیوەستە بە زانستەوە.

فەلسەفە(لای ئەفلاتون) بە کردنەوەی قاڕەی بیرکاری لەدایکبوو و بە کردنەوەی قاڕەی فیزیاش(لای دیکارت) گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئەمڕۆ فەلسەفە بەهۆی کردنەوەی قاڕەی مێژووەوە لەلایەن مارکسەوە، ڕووبەڕووی شۆڕش بۆتەوە. ئەم شۆڕشە ناوی ماتریالیزمی دیالەکتیکییە. گۆڕان و وەرچەرخانە فەلسەفییەکان هەمیشە کاردانەوەیەکن بەڕووی دۆزینەوە گەورە زانستییەکاندا. بۆیە هەر لەبنەڕەتەوە ئەم وەرچەرخانانە، لەپاش تێپەڕینی کات ڕوودەدەن. لەبەر ئەمەیە کە لە تیۆرە مارکسییەکەدا، فەلسەفە دەکەوێتە دوای زانستەوە. هەندێك هۆکاری دیکە هەن کە هەموان لێی ئاگادارن بەڵام حاڵی حازر ئەم هۆکارە سەرەکیترینیانە.

٥. وەك کوتلە و کۆمەڵە، ئەوە تەنیا خەباتگێڕانی پرۆلیتاریان کە مەرام و مەبەستی دۆزینەوە زانستییەکەی مارکسیان ناسیوە و دانیان پیاناوە. پراکتیکە سیاسییەکەیان، لەسایەی ئەم دۆزینەوەیەدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

ئا لێرەدایە دەگەینە سەر گەورەترین فەزاحەت و ئابڕووچوونی تیۆریی مێژووی هاوچەرخ.

بەپێچەوانەوە، ڕۆشنبیران لە کوتلە و کۆمەڵی خۆیاندا، هەرچەندە پیشەکەیان وادەخوازێت کە (پسپۆڕانی زانستە مرۆییەکان، فەلسەفە)بن کەچی پانتایی بێ‌پێشینەی دۆزینەوە زانستییەکەی مارکسیان ئیدانە کردووە و گاڵتەیان پێکردووە و کاتێک لەبارەیەوە دووان بەخراپی باسیانکردووە، و دانیان پیانەناوە، و سڵیان لە ناساندن و دانپیانانی کردۆتەوە. چەند ئاوارتەیەکی لێدەرچێت، ئێستاش ڕۆشنبیران سەد ساڵ پاش ***سەرمایەی*** مارکس هەر خەریکی "پینەوپەڕۆن" لە پانتاییەکانی ئابوریی سیاسی و کۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلۆجی و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و هتددا. هەر بەو جۆرەی کە فیزیاناسە ئەرستۆییەکان پەنجا ساڵ پاش گالیلۆ خەریکی "پینەوپەڕۆ" بوون لە

پانتایی فیزیادا. تیۆرەکانیان بریتین لە ئاناکرۆنیزمی ئایدۆلۆژی[٢] کە لەرێگەی فزوولّیی رۆشنبیرانە و تەکنیکە بیرکارییە تەواو تازەکانەوە رەنگورەونەقیان وەرگرتووە .کەواتە ئەم ئابرووچوونە تیۆرییە بە هیچ جۆرێک نابێتە ئابرووچوون، بەڵکو خۆی بەرەنجامی ململانێی ئایدۆلۆژیای چینایەتییە. لەبەر ئەوەی ئەوە ئایدۆلۆژیا و کەلتوری بۆرژوایە کە سەرچاوەی دەسەڵاتە و هەژمونی خۆی پیادەدەکات. رۆشنبیران و زۆربەی رۆشنبیرە کۆمۆنیست و مارکسییەکان جگە لە چەند ئاوارتەیەک، لە تیۆرەکانیاندا کەوتونەتە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی. "زانستە مرۆیەکان"یش هەر وایە، جگە لە چەند ئاوارتەیەک.

٦. هەمان دۆخی ئابڕووبەر لە فەلسەفەشدا باڵادەستە. چ کەسێك لەو شۆڕشە سەیروسەمەرە تێگەیشتووە کە لە کەشف و دۆزینەوەکەی مارکسەوە سەرچاوەی گرتووە؟ تەنیاوتەنیا خەباتگێرانی پرۆلیتاریا و رێبەرەکانی. بەپێچەوانەوە، رۆشنبیر [و فەیلەسوفە] پیشەیی و پرۆفیشناڵەکان، لە کوتلە و کۆمەڵەی خۆیاندا، بگرە گومانیشیان پێ نەبردووە. کاتێك باس لە کارل مارکس دەکەن، جگە لە کۆمەڵێك ئاوارتەی زۆر دەگمەن، یان بۆ ئیدانەکردن و داپڵۆسینێتی یاخود بۆ "بەرگەگرتن و هەڵمژین"یتی، یان بۆ چەوساندنەوە و قۆستنەوە و پیاچوونەوەیە بە تێڕوانینی ئەو کەسانەدا کە بەرگرییان لە ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی کردووە. لەگەڵ لینین و ئەنگڵسدا، مامەڵەیەکی وەها کراوە، وەك بڵێی لەرووی فەلسەفییەوە هیچ بەها و بایەخێکیان نیە. بەڵام لە هەمووی ریسواتر و ئابڕووبەرتر ئەوەیە کە هەندێك لە فەیلەسوفە مارکسییەکان بەناوی «دژە دۆگمابوون»ـەوە تەسلیمی ئەم درم و پەتایە بوون. لێرەشدا هەمان هۆکار

---

[٢].ئاناکرۆنیزم، ناهارمۆنیبوونە لە رێکخستنی مێژوییدا بە گوێرەی کات، بە تایبەتی لە تەنیشت یەکدانانی چەند کەسێک، چەند ئۆبێکتێک یان چەند رووداوێکی جیاوازی چەند برگەیەکی مێژوویی جیاوازدا کە دەشێت بە مەبەست یان بێمەبەست بێت. وەک بەکارهێنانی شمشێر لە شەری ئەمرۆدا کە هی ئەم سەردەمە نیە-و

هەیە کە باسکرا: شوێنەوار و کاریگەریی ململانێی چینایەتیی ئایدۆلۆژی. چونکە ئەوە ئایدۆلۆژیا و "کەلتور"ــی بۆرژوازییە کە زاڵ و باڵادەستە.

٧. ئامانجی بنچینەیی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری لە پانتایی تیۆردا:

- دانپیانان و ناساندنی ئامانجی تیۆری و شۆڕشگێڕانەی زانست و فەلسەفەی مارکسی-لینینی.

_ خەبات دژی جیهانبینیی بۆرژوازی و وردەبۆرژوازی، بەبەردەوامی هەڕەشەی لە تیۆرە مارکسییەکە کردووە و ئەمڕۆ بەقووڵی دژەی تێکردووە. فۆرمە گشتییەکانی ئەم جیهانبییە ئەمانەن: ئیکۆنۆمیزم(ئەمڕۆش "تەکنۆکراتی")، "تەواوکەرە ڕۆحییەکەی" کە ئایدیالیزمی ئەخلاقییە(و ئەمڕۆش "هیومانیزم"ـە). ئیکۆنۆمیزم و ئایدیالیزمی ئەخلاقی، هەر لەسەرەتای سەقامگیربوونی بۆرژوازییەوە، بنەڕەتیترین جمك و جەمسەری جیهانبینیی بۆرژوازی پێکدێنێت. فۆرمە فەلسەفییە هەنوکەییەکەی ئەم قوتابخانەیە بریتییە لە پوزەتیڤیزمی نوێ و تەواوکەرە ڕۆحی و مەعنەوییەکەشی بریتییە لە سوبێکتیڤیزم(خودگەرایی) و فینۆمینۆلۆژیا(دیاردەناسی) و ئەگزیستیانسیالیزم(بوونگەرایی).

نوسخە تایبەتە جێگرەوەکەی لە زانستە مرۆییەکاندا، ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە پێی دەوترێت بونیادگەری(structuralism).

- زاڵبوون بەسەر زۆرینەی زانستەکاندا و لە پێش هەمووشیانەوە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرژەوەندیی زانست، چونکە زانستە ناوبراوەکان، جگە لە چەند ئاوارتەیەك، بە فێڵ و تەڵەکە قاڕەی مێژوویان داگیرکردووە، ئەو قاڕەیەی کە مارکس کلیلەکانی داوینەتە دەست.

- فراوانکردنەوە و پەرەپێدانی زانستی نوێ بە وردبینی و ئازایەتیی پێویستەوە، و گرێدانەوەیان بە زەروورەت و داهێنانە پراکتیکەکانی ململانێی چینە شۆڕشگێڕەکانەوە.

لە پانتایی تیۆردا، گرنگترین لینك و هەڵقە لە ئێستادا: فەلسەفەی لینینی-مارکسییە.

**پرسیاری پێنجەم**: تۆلە ڕواڵەتدا دوو شتی ناکۆك و دژبەیەکت وت: ١) فەلسەفە هەر لە بنەڕەتەوە سیاسییە ٢) فەلسەفە وابەستەیە بە زانستەکانەوە. چۆن لەم پەیوەندییە دووجا و دووقاتە تێدەگەیت؟

ئاڵتۆسێر: لێرەدا بە یارمەتیی چەند تێزێکی کورت و کاتی، وەڵامدەدەمەوە.

١) ئەو پێگە چینایەتییانەی لە ململانێی چینایەتیدا دەکەونە بەرامبەری یەکترەوە، ئەوا لە پانتایی ئایدۆلۆژیا پراکتیکییەکاندا(ئایدۆلۆژیا دینی، ئەخلاقی، یاسایی، سیاسی، جوانیناسی، ئایدۆلۆژییەکان) لەلایەن ئەو جیهانبینییانەوە «نوێنەرایەتی دەکرێن» کە ئینتیمای ناتەبا و دژیەکیان هەیە: دواجار بریتین لە جیهانبینیی ئایدیاڵیستی(بۆرژوازی) و ماتریاڵیستی(پرۆلیتاری). هەر مرۆڤێك بەشێوەیەکی خۆڕسکانە هەڵگری جیهانبینییەکە.

٢) جیهانبینییەکان لە پانتایی **تیۆردا**(زانستەکان، زانستە تیۆرییەکان کە زانست و زانایانی تیا گەمارۆدراوە) بەهۆی **فەلسەفەوە** نوێنەرایەتی دەکرێن. فەلسەفە، نوێنەری ململانێی چینایەتییە لە پانتایی تیۆردا. بەم هۆیەوە، فەلسەفە خەبات و

ململانێیەکە(کانت دەیوت **جەنگە**)، ململانێیەکی لەبچینەوە سیاسی: ململانێی چینایەتی. هەموو کەسێك لەخۆیەوە نابێتە فەیلەسوف، بەڵام دووریش نیە هەموو کەسێك وای لێ بێت.

٣) هەرکە پانتاییەکی تیۆری بوونی هەبوو، ئەوا فەلسەفەش بوونی دەبێت(زانستیش، بە مانای تەواوی وشەکە). بەبێ زانستەکان، فەلسەفەش بوونی نیە، تەنیا جیهانبینییەکان هەن. دەبێت پشك و بابەتی شەڕەکە لە مەیدانی شەڕەکە جیابکەیتەوە، دوایین بابەتی ململانێی فەلسەفی بریتییە لە ململانێی نێوان دوو ئینتیمای سەرەکیی جیهانبینی(ـی ماتریاڵیستی و ئایدیاڵیستی) لەسەر هەیمەنە و باڵادەستی. سەرەکیترین مەیدانی ئەم شەڕ و ململانێیە، بریتییە لە مەعریفەی زانستی(یان فەلسەفی). بۆیە شەڕی فەلسەفیی پلە یەك، لە سنوری نێوان پرسی زانستی(the scientific) و پرسی ئایدۆلۆژی(the ideological)دا دەگوزەرێت. فەلسەفە ئایدیاڵیستییەکان، بەهۆی خراپبەکارهێنانی زانستەکانەوە دژی فەلسەفە ماتریاڵیستییەکان کە لە خزمەتی ئەم زانستانەدایە، دەجەنگن. ململانێی فەلسەفی، بەشێکە لە ململانێی چینایەتیی نێوان جیهانبینییەکان. لەڕابردوودا، ماتریاڵیزم بەبەردەوامی ژێردەستەی ئایدیاڵیزم بووە.

٤. ئەو زانستەی لەلایەن مارکسەوە بنیاتنراوە، لە پانتایی تیۆردا گۆڕانی تەواو بەسەر دۆخەکەدا دێنێت. ئەم زانستە، زانستێکی **نوێ**یە: زانستی مێژوو. بەم جۆرە و بۆ یەکەمجار ئەم زانستە، ئەو جیهانبینیانەمان پێدەناسێنێت کە فەلسەفە لە پانتایی تیۆردا نوێنەرایەتییان دەکات، و فەلسەفەشمان پێدەناسێنێت، و ئامرازەکانی گۆڕینی جیهانبینییەکانیش دەستەبەر دەکات(ململانێی چینە شۆڕشگێڕەکان بە ڕێبەرایەتیی بنەما تیۆرییە مارکسییەکان). لەبەر ئەمە فەلسەفە دووقات شۆڕشگێڕانە بۆتەوە. ماتریاڵیزمی میکانیکی(واتە ماتریاڵیزمی ئایدیاڵیست لە پانتایی تیۆردا )، گۆڕاوە بۆ ماتریاڵیزمی دیالەکتیکی. پەیوەندیی

هێزەکان ئاوەژووبۆتەوە و ئەمێستا ماتریاڵیزم دەتوانێت ئایدیاڵیزمی فەلسەفی بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، و لەو کاتەدا کە هەلومەرجی سیاسی دێتەدی، دەتوانێت لە ململانێی نێوان جیهانبینییەکاندا شەڕ بۆ هەژموون و باڵادەستی بکات.

فەلسەفەی مارکسی-لینینی، یان ماتریاڵیزمی دیالەکتیك لە پانتایی تیۆریدا، نوێنەری ململانێی چینایەتیی پرۆلیتاریایە. لە یەکبوون و یەکگرتنی تیۆری مارکسیستی و بزووتنەوەی کرێکاراندا(باڵاترین واقیع کە تیۆر و پراکتیکی تیا یەکدەگرێت)، هەروەك مارکسیش باسیدەکات فەلسەفە چیتر ڕووی لە «تەفسیرکردنی جیهان» نیە بەڵکو دەبێتە چەکێك بۆ «گۆڕین»ـی جیهان: ***شۆڕش***.

**پرسیاری شەشەم:** ئایا هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە وتووتە پێویستە ئەمڕۆ ***سەرمایە*** بخوێنینەوە؟

ئاڵتۆسێر: بەڵێ. پێویستە ***کتێبی سەرمایە*** بخوێنینەوە و لێیبکۆڵینەوە:

- بۆ ئەوەی هەر بەڕاستی لە مەبەست و مەرامەکەی بەگشتی و هەموو دەرەنجامە زانستی و فەلسەفییەکانی تێبگەین. ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە خەباتگێڕانی پرۆلیتاریا لە ماوەیەکی دوور و درێژدا و لە پراکتیکدا پێیگەیشتوون: خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی تیۆرە مارکسییەکە.
- بۆ ئەوەی بتوانین بەرگری لەم تیۆرە بکەین دژی هەموو تەفسیرەکان، واتە پیاچوونەوە[3] و چاکسازییە بۆرژوازی و وردە-بۆرژوازییەکان. لەپێش

[3]. revision

هەمووشیانەوە بەرامبەرکێی ئیکۆنۆمیزم/ هیومانیزم کە ئەمڕۆ بەقووڵی هەرەشەی لێدەکات.

- بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە تیۆرە مارکسییەکە بدەین و چەمکی زانستیی پێویست بۆ شیکردنەوەی ململانێی چینایەتی لەمڕۆدا بەرهەمبێنین، چ لە وڵاتانی خۆمان و چ هی ئەوانیتریش.

شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە دەبێت ***سەرمایە*** بخوێنینەوە و لێیبکۆڵینەوە. دەبێت ئەوەشی بخەمە سەر، کە ناچارین لینین و هەموو ئەو دەقە مەزنە کۆن و تازانە بخوێنینەوە و لێیانبکۆڵینەوە کە ئەزموونی ململانێی چینایەتیی بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالی کرێکارانیان پێ سپێردراوە. پێویستە بەرهەمە پراکتیکییەکاتی بزووتنەوەی کرێکاران لە واقیعی خۆیاندا بخوێنینەوە، لە گرفتەکان و ناکۆکی و دژیەکییەکانیاندا: مێژووی ڕابردوو و ئێستاشیان بخوێنینەوە و لێیبکۆڵینەوە.

ئەمڕۆ لە وڵاتانی خۆماندا شارەزایی و سەرچاوەیەکی زۆروزەبەند هەیە بۆ ململانێی چینایەتیی شۆڕشگێڕانە، بەڵام دەبێت لەو شوێنانەدا بۆی بگەڕێین کە هەن: لەناو خەڵکانی چەوساوەدا. ناتوانین بەبێ پەیوەندیی نزیك لەگەڵ خەڵکدا و بەبێ چەکی تیۆری مارکسی-لینینی ئەم بانگەشە چینایەتییانە "کەشفبکەین". چەمکە ئایدۆلۆژییە بۆرژواییەکانی وەك «کۆمەڵگای پیشەسازی»، «سەرمایەداریی نوێ»، «چینی نوێی کرێکار»، «کۆمەڵگای سەروەتمەند»، «نامۆبوون» و هتد، دژەزانستی و دژەمارکسین و بۆ لێدانی شۆڕشگێڕان بەکاردەهێنرێن.

با تێبینییەکی تر بخەمەڕوو، کە لە باقیی تێبینییەکانی تر گرنگترە.

بۆ ئەوەی لەو شتانە تێبگەین کە لەم بەرهەمە تیۆری و سیاسی و مێژووییانەدا "دەیخوێنینەوە و دەکۆڵینەوە"، ئەوا دەبێت ڕاستەوخۆ خۆمان

دوو ڕاستی و واقیع ئەزموونبکەین، کە خەسڵەت دەبەخشێتە جێگەبەجێگەی ئەو بەرهەمانە: واقیعی پراکتیکی تیۆری(زانست و فەلسەفە)، لە دۆخە کۆنکرێتییەکەی خۆیدا، لەگەڵ واقیعی پراکتیکی ململانێی چینایەتیی شۆڕشگێڕانە لە دۆخە کۆنکرێتییەکەی خۆیدا و پەیوەندیی نزیکی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە. چونکە تیۆر ئەو دەرفەتەمان پێدەدات لە یاساکانی مێژوو تێبگەین. ئەوە ڕۆشنبیران(و تەنانەت تیۆریستانیش)نین کە مێژوو دروستدەکەن بەڵکو کۆمەڵانی خەڵکن؛ پێویستە لە تیۆرەوە شت فێر بین، بەڵام هاوکات لە کۆمەڵانی خەڵکیشەوە فێر بین و ئەوەش مەسەلەیەکی بنچینەییە.

**پرسیاری حەوتەم:** تۆ گرنگییەکی زۆر بە وردبینی(rigour) دەدەیت، بۆنمونە وردبینی لە وشەکاندا، بۆ؟

ئاڵتۆسێر: تاکە وشەیەك دەتوانێت ڕۆڵوکارکردی بنچینەیی پراکتیکی فەلسەفی لەخۆیدا پوختوچڕ بکاتەوە. ئەویش بۆ کێشانی هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئایدیا درووستەکان و ئایدیا نادرووستەکاندا(یان لەنێوان چینە دژیەکەکاندا)، لەنێوان دۆستان و دوژمنانی چینایەتیماندا. ئا ئەو تەنیا وشەیە. هێڵی جیاکەرەوەی سیاسیی نێوان خەڵك(پرۆلیتاریا و هاوپەیمانەکانی) و دوژمنانی خەڵك.
فەلسەفە بریتییە لە نوێنەری ململانێی چینایەتیی خەڵك لە پانتایی تیۆردا. لەبەرامبەردا، فەلسەفە یارمەتیی خەڵك دەدات تاکو لە پانتایی تیۆر و لە

کۆی بیرۆکە(سیاسی و ئەخلاقی و ئێستاتیکی یان هونەری و هتدەکاندا) بیرۆکەی ڕاست لە بیرۆکەی هەڵە جیابکاتەوە.

بۆچی فەلسەفە شەڕ لەسەر وشەکان دەکات؟ "ئایدیا و بیرۆکەکان" نوێنەری واقیعی ململانێی چینایەتیین و وشەکان نوێنەری ئایدیاکانن لە بەڵگە و بورهانە زانستی و فەلسەفییەکاندا، وشەکان(واتە چەمکەکان و کاتیگۆرییەکان)، "ئامراز و کەرەستە"ـی زانین و مەعریفەن. بەڵام لە ململانێ سیاسی و ئایدۆلۆژی و فەلسەفییەکاندا، وشەکان بۆخۆیان چەکن، تەقەمەنیین، یان ئارامکەرەوەن یان ژەهر. هەندێ جار تێکڕای ململانێی چینایەتی دەتوانێت لە ململانێ لەپێناوی وشەیەك یان دژی وشەیەکدا کورتبێتەوە. وشەکانی تر جێی گومان و تەمومژن. بەرەنجامی شەڕێکی سوور و دڵنیا، بەڵام جێی گومانیش.

بۆنمونە: کۆمۆنیستەکان شەڕ بۆ هەڵوەشاندنەوەی چینەکان، و کۆمەڵگای کۆمۆنیستی دەکەن، ئەو کۆمەڵگایەی کە ڕۆژێك دێت مرۆڤەکان تێیدا ئازاد دەبن و دەبنە برا. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی نەریتی کلاسیکی مارکسی لەوە سڵی کردۆتەوە بڵێت مارکسیزم بریتییە لە هیومانیزم و مرۆڤگەرایی. بۆ؟ چونکە لە کردار و پراکتیکدا، لە ئەمری واقیعدا، وشەی هیومانیزم لەلایەن ئایدۆلۆژیای بۆرژوازییەوە بەکارهاتووە، ئەویش لەو پێناوەدا پەلاماری وشەیەکی ڕاستەقینە و زیندوو بدرێت و لەناوببرێت.

بۆ نمونە: شۆڕشگێران دەزانن کە لە دواساتدا هەموو شتێك پەیوەست نیە بە تەکنیك و چەك و هتدەوە، بەڵکو پەیوەستە بە خەباتگێڕان و هۆشیاریی چینایەتی و ئازایەتییانەوە. کۆی نەریتی مارکسی، سڵی لەوە کردۆتەوە بڵێت ئەوە "مرۆڤ"ـە مێژوو دروستدەکات. بۆ؟ چونکە لە پراکتیکدا و لە واقیعدا، ئەم شتە لەلایەن ئایدۆلۆژیای بۆرژوازییەوە بەکارهێنراوە تاکو

دەربڕینێکی ڕاستەقینەی دیکە و زیندوو بۆ پرۆلیتاریا بداتە بەر پەلامار و لەناوی ببات: ئەوە کۆمەڵانی خەڵکن مێژوو درووستدەکەن.
هاوکات فەلسەفە، تەنانەت لە درێژترین بەرهەمە تیۆرییە ئاڵۆز و ئەبستراکتەکانی خۆیشیدا، لەپێناوی وشەکاندا دەجەنگێت: دژی وشەکانی درۆ، وشە تەمومژاوییەکان، و لەپێناوی وشە درووستەکاندا. فەلسەفە لەپێناوی "ناکۆکییە لاوەکییەکان لە بۆچووندا"[4] دەجەنگێت.

لینین دەڵێت «ئەوە تەنیا کەسانی کورتبین وادەزانن مشتومڕی گرووپەکان و فراکسیۆنەکان و دیاریکردنی "وردە ناکۆکییەکان لە بۆچووندا" شتانێکی زیادە و وەڕزکەرن. ئایندەی سۆسیالدیموکراسیی ڕووسیا بۆ ساڵانێکی دووردرێژ پەیوەندیی بە تۆکمەکردنی ئەم یان ئەو ناکۆکیی بچووکەوە هەبووە لە بۆچوون و تێڕوانیندا»[5].
ئەم شەڕە فەلسەفییە لەپێناوی وشەکاندا، بەشێکە لە خەبات و ململانێی سیاسی. فەلسەفەی لینینی-مارکسی ناتوانێت کاری تیۆری، پەتی و ئەبستراکت، ڕێك و وردی خۆی بگەیەنێتەئەنجام گەر ئەو شەڕەی بۆ وشە "زانایانە"کانی وەك(چەمك، تیۆر، دیالەکتیك، نامۆبوون...)دەیکات، هاوکات بۆ وشە سادەکانی وەك (مرۆڤ، کۆمەڵانی خەڵك و جەماوەر، ململانێی چینایەتی)یش نەیکات.

[4]. shades of opinion
[5]. (What is to be Done?).

**پرسیاری هەشتەم**: تۆ بە چ شێوازێك کاردەکەیت؟

ئاڵتۆسێر: من لەگەڵ سێ‌چوار دۆست و هاوڕێدا وەك مامۆستای زانكۆ ئیشدەکەین.
ئاشکرایە کۆی ئەو شتانەی دەینوسین گوزارشتە لە بێ‌ئەزموونی و نەزانیمان و بۆیەشە هەڵە و بێ‌دیقەتییان تیایە. بەم جۆرە دەق و هاوکێشەکانی ئێمە کاتیین و دەبێت چاکبکرێنەوە. پانتایی فەلسەفە وەك پانتایی سیاسەت وایە: بەبێ ڕەخنەکردن، چاکسازی بوونی نابێت. ئێمە خۆمان دەمانەوێت ڕەخنەی مارکسی-لینینیمان لێ بگیرێت.

ئێمە تەواوی ڕەخنەکانی خەباتگێرانی ململانێی چینایەتی لەبەرچاودەگرین. بۆنمونە هەندێك لەو ڕەخنانەی کە بەشێك لە خەباتگێڕان لە چوارچێوەی دانیشتنی کۆمیتەی ناوەندیی ["حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا"]دا لە ئەرژانتوی لێیان گرتین، کۆمەکێکی گەورە بوو بە ئێمە. ڕەخنەکانی تریش هەر بەو جۆرەیە. لە پانتایی فەلسەفەدا و بەبێ پێگەی ململانێی چینایەتی، ناتوانرێت هیچ بکرێت. بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەش بوونی نابێت. بەڵام بەبێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەش، تیۆری شۆڕشگێڕانە بوونی نابێت- بەتایبەت لە فەلسەفەدا. ململانێی چینایەتی و فەلسەفەی مارکسی-لینینی، وەکو گیانێکن لە دوو جەستەدا.

سەرچاوەكان:

١. لنين و فلسفه(فلسفه به مثابه سلاح انقلاب)، لوئى آلتوسر، سيد جواد طباطبايى(كتابخانه كوچك سوسياليسم).

2. Philosophy as a Revolutionary Weapon, Transcribed: by Andy Blunden, in(https://www.marxists.org).